# جوانناسی خەیاڵ لە ئەفسانەی کوردیدا
# (ئەفسانەکانی سیحر وجادوو) بەنموونە

م. ی. ڤیان عباس اسماعیل
بەشی زمانی کوردی- کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەدین هەرێماکوردستانیٙ/ عیراق
پ. ی. د. ڕێبوار محمد اسماعیل
بەشی زمانی کوردی- کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەدین هەرێماکوردستانیٙ/ عیراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیەی سەرەوە، کە لە ژێرناونیشانی (جوانناسی خەیاڵ لە ئەفسانەی کوردیدا "ئەفسانەکانی سیحر وجادوو" بەنموونە)، توێژینەوەیەکە لەسەر ئیستاتیکای خەیاڵ لە ئەفسانەی کوردی، ڕەهەندەکانی جوانناسی خەیاڵ لە ئەفسانە کوردییەکانی پەیوەست سیحر و جاوبازی دەخاتەڕوو.

خەیاڵ و جوانناسی خەیاڵ بەشەکی سەرەکییە لە پێکهاتەی دەقی ئەدەبی، ئەدەب بەهەموو جۆر و ژانرەکانییەوە بەبێ ڕەگەزی خەیاڵ جوای و چێژ و ئارگیومێنتی هونەری جوانی خۆی لە دەست دەدات، هەربۆیە خەیاڵ وەک ڕەگەزیکی سەرەکی ئەدەبی بەها و ئاستی هونەری دەقی ئەدەبی پێوە پەیوەستە، بەمەش بە ریژەیەکی زۆر بەرپرسە لە ئیستاتیکای بەرهەمە ئەدەبییەکاندا، ئەفسانەش وەک بەرهەمێکی ئەدەبی خەیاڵ ڕۆلی لە پێکهاتەی فکری و هونەرییەکەیدا دەگێڕیت، هەر ئەم خەیاڵە فاکتەری بەرهەمهێنانی ئەفسانە و جوانکاری و جوانناسی ئەفسانەکانە. خەیاڵ لە وێنەیەکی جوان و هونەریدا لە بەرهەمە ئەفسانەییەکاندا بەرجەستەکراوە، چۆنییەتی و جۆری ئەفسانەش بە ڕەهەندەکانی خەیاڵ و جوانناسی خەیاڵەوە پەیوەستە، ئەفسانەکان بە درێژایی مێژوو ڕۆڵییان لە بەرجەستەکردن و وێناکردنی جۆرەکانی خەیاڵ و ئەزموونی خەیاڵی مرۆڤایەتی هەیە.

ئەفسانە کوردییەکانیش بە هەمان شێوە هەمان ڕۆڵییان بینیووە لە بەرجەستەکردن و گواستنەوەی ئەزموونی خەیاڵی مرۆڤەکان. لە شیکردنەوەی پێکهاتەی پەیام و ناوەڕۆکی ئەفسانەکان ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبیتەوە، کە مرۆڤەکان لە ڕێگەی خەیاڵەوە تێگەیشتنیان لە دیاردەکانی سروشت و ژیان بەرهەمهێناوە، میکانیزمی خەیاڵکردن شیکردنەوە و تێگەیشتن و داهێنانی لێکەوتووتەوە، ئەم خەیاڵکردنەش

قـووڵایی جوانناسـی خـۆی هەیە. لەم تـوێژینەوەیەدا جەخـت لە ڕەگەزی خەیـاڵ دەكـریتەوە و كـاریگەری و ڕۆڵـی لە ئەفسـانەدا دەخـرێتەڕوو، ئینجـا ئیسـتاتیكای خەیـاڵ لەبنیـاتی پێكهاتەی ئەفسانەیی كوردی بەنمـوونەوە دەخرێتە بەرباس بە تایبەتی ئەو ئەفسانانەی، كە لەڕووی نـاوەرۆكەوە لە دەووری جادووبـازی دەسـوڕێنەوە، چـونكە ئەم جـۆرە ئەفسـانەیە، كە هەڵگـری نـاوەرۆكێكی لەم شـێوەیەن زیـاتر پشـت بە خەیـاڵ دەبەسـتن و وێـنە و دەرخسـتەكانیان زیـاتر خەیـاڵ ئـامێزن، بـۆیە لەم تـوێژینەوەیەدا ئەفسـانەی سـیحر وجـادوو كراوەتە كەرەستەی لێكۆڵینەوەكە.

لە ئەنجامـدا ئەو جیاكـاری و تایبەتمەنـدییەی ئیسـتاتیكای خەیاڵمـان بـۆ دەردەكەوێت، كە لە ئەفسانەی سیحر و جادووی ناو ئەفسانە كوردییەكاندا هەیە.

**وشە سەرەكییەكان:** *كئەفسانە، جوانناسی، خەیاڵ، وێنەی هونەری، ئەفسانەیی سیحر و جادوو.*

---

**پێشەكی**

ئەم تـوێژینەوەیە لەسـەر ڕەهەنـدێكی گرنگـی ئەدەبییە، كە خـۆی لە بـواری ئەفسـانەدا دەبینێـتەوە، لەڕووی ئەدەبیـیەوە ئەفسـانە گرنگـی تایبەتمەنـدی خـۆی هەیە و بە یەكەم ژانـر و سەرەتای بوونی ئەدەب لە قەڵەم دەدرێت، چونكە ئەفسانە كە خۆی لە هەڵسەنگاندن و لێكدانەوە و بیركـردنەوەی سـەرەتاكانی مـرۆڤ دەبینیـتەوە، بـۆ ژیـان و سروشـت ودیاردەكـانی هەر زوو ئەم بیركـردنەوەیە لە فـۆڕمێكی ئەدەبـی هونەریـدا خـۆی نمـایش كـردووە، هەربـۆیە بـۆ سـەرهەڵدانی بەرهەمی ئەدەبی لەسەرەتاوە ئاماژە بە ئەفسانە و گرنگی ئەفسانە دەكریت.

ئەفسـانە وەك هەر بەرهەمێكـی تـری ئەدەبـی، ڕەگەز و بنەمـای هـونەری و تایبەتمەنـدی خـۆی هەیە بـۆ چەنـدین بەش و جـۆر دابەش دەكـرێن بەپێـی تایبەتمەنـدی فۆلكلـۆری نەتەوە جیاجیاكـان، ئەفسـانە لە ڕووی ئەدەبیـیەوە شـێوازی خـۆی هەیە هەر یەكە لە ڕەگەزەكـانی ئەدەب وەكو (بیر، خەیاڵ، سۆز، فۆڕم) لە ڕووی زمان و بنیاتەكانی چیرۆك و گێڕانەوە و بنیـاتی هـونەری وجوانناسییەوە تایبەتمەندی ئەدەبی خۆی هەیە، لە ئەدەبی فۆلكلۆری كوردیشدا ئەفسانە بوونێكـی بەرچاوی هەیە، سروشتی نەتەوەیی و مێژوویی خۆی بەسەرەوەیە. خەیاڵ وەك ڕەگەزێكـی ئەدەبـی و هێزی گەورەی مرۆڤی سەرەتایی ڕۆڵێكی بەهێزی لە بنیاتنانی ئەفسانەدا هەبووە، هەر بۆیە ڕەنـگ ڕێژی ئەفسانەی كردووە، جوانكـاریی و ئیسـتاتیكایەكی ئەدەبـی و هـونەری بە جۆر و شـێوەكانی ئەفسـانە بەخشـیوە، بـۆیە جـیگەی خـۆیەتی لەم لایەنەوە تیشـكی تـوێژینەوەی بخرێتەسـەر، ئەم توێژینەوەیەش بەم ئەركە هەڵساوە .

**سنوری توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی جوانناسی خەیاڵ لە ئەفسانەی کوردیدا ئەنجامدراوە جۆری ئەفسانەکانی سیحر وجادوو وەک کەرەستەی پراکتیکی کاری لەسەر کراوە.

**گرنگی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە ئەفسانە وەک بەرهەمێکی ئەدەبی دەخاتەروو، کە خاوەنی شێواز و ڕەگەزەکانی ئەدەبە بەتایبەتی ڕەگەزی خەیاڵ، ئیستاتیکای بوونی ئەم ڕەگەزە لە جۆرێکی دیاریکراوی ئەفسانەی کوردی، کە خۆی لە ئەفسانەی سیحر وجادوودا دەبینیتەوە نیشان دەدات.

**ڕێبازی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیدا ڕێبازی (وەسفی . شیکاری) بەکارهێنراوە، کە تێیدا خەیاڵی پێکهاتوو لە ئەفسانە کوردییەکانی بواری سیحر و جادوو لە ڕووی ئیستاتیکیەوە شیدەکرێنەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەیە، چۆنییەتی و جۆرییەتی خەیاڵی ئیستاتیکی لەئەفسانەی کوردیدا، بەتایبەتی لە ئەفسانەکانی سیحر و جادوو، خستنەڕووی شێواز و تایبەتمەندییەکانی.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێک دێت، کە هەر بەشێک بەسەر چەند بەسەر چەند تەوەرەیەکدا دابەش دەبێت، لەبەشی یەکەمدا هەر یەکە لەم تایتڵی چەمك و پێناسەی ئیستاتیکا و چەمکی خەیاڵ لە ڕوانگەی جیاجیاوە و جوانناسی خەیاڵ لە ئەفسانەدا خراونەڕوو. لەبەشی دووەمدا ئاماژە بە خەیاڵ کراوە لە ئەفسانەیی کوردیدا، ئینجا **جوانناسی خەیاڵ لە پیکهاتەی ئەفسانەکانی سیحر و جادوودا** لەچەند ڕەهەندێکدا خراونەتەڕوو.

لە کۆتایشدا ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەیە لە چەند خاڵێکدا کورت کراونەتەوە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**بەشی یەکەم**

**١-١.چەمك و پێناسەی ئیستاتیکا ( جوانیناسی )**

لەو کاتەی مرۆڤ چاوی بە دنیا هەڵهێناوە هەستی جوانیناسی جوانبینین لە دڵ و دەروونیدا دروست بووە، بە شێوەیەك کە بەرانبەر دیمەنێك یان شتێك وەستاوە سەرنجی ڕاکێشاوە و دەستی کردووە یان بە ئاشکرا یا بە نهێنی و لە دڵدا بڕیاری پەسەندکردن یان پەسەند نەکردنی ئەو شتەی داوە، ئیستاتیکا وەکو زانستێك لە بنەماکانی جوانی دەکۆڵێتەوە بۆ جەختکردنە سەر چۆنیتی درووستبوونی ئەو جوانییە "ئیستاتیکا واتە زانستی جوانی ، ( علم الجمال ) یان فەلسەفەی جوانی و هونەر ، لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە ،

که له هونەر دەکۆڵێتەوە" (ئەسوەد ،٢٠١٥ ، ٧٦)، له بنەڕەتدا چەمکی جوانی چەمکێکی فەلسەفی و هونەری و ئەدەبییە، کە جوانی ئاسایی و سروشتی له جوانی هونەری جیا دەکاتەوە بێگومان له بنچینەدا زاراوەکه ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی یۆنانی هەیە و مانایەکی تەواو هەم دەروونی و هەمیش هەستی هەیە، بۆیە ئەگەر بێت و باس له وشه و زاراوەی جوانیناسی بکەین، که له بەرانبەر ئیستاتیکا بەکارهاتووە له زمانی کوردی ئیستاتیکا له بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە به مانای هەس دێت و بەو پێیە ئیستاتیکا لقێکی تایبەتە له هەست و ویژدان، که بۆ ئەم چەمکە له زمانی کوردیشدا (جوانناسی، ئیستاتیکا) بەکاردێت، سەبارەت به زمانی عەرەبیش (علم الجمال)ی بۆ بەکاردێت، جگه له بەکارهێنانێکی کەمی (الاستیطیقا)، که ناوەڕۆکی چەمکەکە بریتییە له ڕۆچوون یان لێکۆڵینەوە له بارەی خودی جوانی هەر لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین جوانناسی"له بەرزترین ئاستەکانی پەیوەندییە جوانەکانی مرۆڤ به واقیعەوە دەکۆڵێتەوە" (مستەفا ،٢٠٠٩، ٢٠).

سەرچاوەی بنەڕەتی ئەم زانستە له سەدەی هەژدەیەمی زایینیدا لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی ئەلیکساندەر باومگارتن ( ١٧١٤، ١٧٦٢) داهێنراوە ، زاراوەکه له وشەی یۆنانی (Aesthetikos) وەرگیراوە، باومگارتن ئەم زاراوەیەی له کتێبی (ئیستاتیکا)شی کردۆتەوە، ئەو پێی وایە جوانی بریتییە له درککردن له ڕێگەی هەستەکانەوە.(ئەسوەد : ٢٠١٥ :٧٦ )، شیکردنەوەی چۆنیەتی درووست بوونی هەستی بینینی جوانییە له لای مرۆڤدا و ڕۆڵی هەست و عەقڵ له بەرامبەر جوانییدا دەگێڕێت، کەواتە ئیستاتیکا ئەو زانستەیە له جوانییەکی دیاریکراو دەکۆڵێتەوە که شایەنی تێڕامان و گرنگیپێدانە، گەرچی هەوڵدراوە پێناسەیەك بۆ جوانیناسی دابنرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە پێناسەیەکی چەسپاو و جێگیری بۆدیاری بکرێت، لەبەرئەوەی بەردەوام دیدگای جیاواز و تێڕوانینی جۆراوجۆر لەلایەن فەیلەسوف و ڕەخنەگر و هونەرمەندان بۆ جوانی سەرهەڵدەدات، کەهەر یەکێکیان له گۆشەیەکی دیارییکراوە له بابەتی جوانی دەڕوانێت و دەیبینێت به تێڕامانە فکریەکەی خۆی شیدەکاتەوە، که تا ڕادەیەك جیاوازە لەوەی تر.

ئینجا (جوانی)، (هونەر) له زۆر ڕووە لەیەکدەچن و له چەندین خاڵی سەرەکی دا هاوبەشن، به تایبەتی له مەسەلەی هەست و ویژدان بۆ نموونە :-تابلۆیەکی هونەری یان پەیکەرێك یان کارێکی مۆسیقی ئەگەرچی مرۆڤ ناتوانێت دەستی لێبدات، بەڵام دەتوانێت هەستی پێبکات و خەیاڵی دەوروژێنێت، جگه لەوەش دەتوانین له ڕێگەی ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی ئەو هونەرە له نزیکەوە هەستیان پێبکات ، نموونە یاری کردن به پیانۆ یان به قەڵەم" ( ئەسوەد:٢٠١٥:٧٦)، هەریەك له ئامرازەکانی گەیاندنی ئەو جوانییە نمایشی ئەو جوانییە دەکات به ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر، ئەوەتا هەندێك جار له ڕێگای دەقێکی

شیعری دوو دێڕی هەست بە بیستن و بینینی جوانییەکی ڕەها دەکەین، کە لەوانەیە بە بینینی ڕاستەوخۆی شتەکە ئەو کاریگەرییە دروست نەکات، ڕەنگە پەیامی شاعیریش دوور و جیاواز لە بابەتی جوانییەکە بێت، بەڵام خوێنەر ڕاستەوخۆ و بە وردی فۆکەسی دەکەوێتە سەر دەقەکە بە هۆکاری جوانییەکەی.

سەبارەت بە پێناسەی جوانیناسی لە ڕوانگەی بیرمەند و فەیلەسوفان و لایەنی هونەری و کۆمەڵی لایەنی ترەوە هەریەکە لە تێڕوانینی خۆیەوە پێناسەی بۆ زاراوە جوانیناسی کردووە، هەر لە ئەفلاتوون و ئەرستۆوە تاکو ئێستاش دید و بۆچوونەکان دەربارەی چەمکەکە لە گۆڕاندان، "بۆچوونەکانی ئەفلاتوون بە کۆنترین تیۆر دەربارەی ئیستاتیکا دادەنرێن، لەسەر ئەو بنەمایەی، کە جوانی یەکێکە لە نموونەی باڵا، چونکە ئەو جوانییەی، کە لە شتەکانی ئەم جیهانەدا دەیبینین وێنەیەکی تەواو نییە، بۆ ئەوجوانییە ڕەهایە، هەرچەندە شتەکە لە نموونە باڵاکە نزیك بێتەوە، جوانی شتەکە زیاد دەکات و پێچەوانەکەشی ڕاستە" (ابراهيم:٢٠٢٤:١١)، کەواتە ئەو جوانییەی لای ئەفلاتوون دەبینرێت تەواو نییە و پلەیەکی باڵاداری نییە، لەبەرئەوە بە دید و بۆچوونی ئەو جوانی هەموو شتەکانی دەوروبەرمان جوانییەکی ڕێژەییە و ئەوجوانییە نیە کە مرۆڤ چاوەڕوانی دەکات، هیگڵیش لە تێڕوانینە فەلسەفیکەی خۆی دەربارەی ئەم چەمکە دەڵێت: جوانیناسی "بریتییە لە فەلسەفەی هونەر، یان بریتییە لە فەلسەفەی هونەرە جوانەکان، کە لێرەدا دو جۆر جوانی هەیە:-

١. جوانی سروشتی / شتێکی هەستپێکراوە لەلایەن مرۆڤەوە.

٢. جوانی هونەری /مەسەلەیەکی فەلسەفییە، جوانی بە مانا فەلسەفییەکەی جیاوازە لە جوانی بە مانا باوەکەی" (ئەسوەد: ٧٨)، واتە لێرەدا شیکردنەوەی پەیوەندییە لە نێوان هونەر و واقیع لەسەر بنەمای بە هەڵسەنگاندنی بەها هونەرییەکانی ئەو جوانییە.

جوانی ڕێژەییە و ڕەها نییە لەبەرئەوەی جوانی شتێکە بەپێی ژینگە و سەردەم و کلتورەکان لەیەکتری جیوازە نموونە لای هەر نەتەوەیەك پێوەرێك بۆ جوانی هەیە ، کە جیاوازە لە میللەتانی تری دنیا .

### ١-٢.چەمکی خەیاڵ لە ڕوانگەی جیاجیاوە.

سەبارەت بە چەمك و هێزی خەیاڵ و کاریگەری لەسەر بەرهەمی ئەدەبی، تێڕوانینی زۆر و جیاواز لە نێوان فەیلەسوف و زانا و ڕەخنەگر و ڕێبازە ئەدەبییەکان و قوتابخانە ڕەخنەییەکاندا بەدی دەکرێت، لە لێکدانەوەی خەیاڵ و لایەنەکانیدا، بۆ نموونە خەیاڵ لە لای ئەدیبی کۆندا بەجۆرێك بووە، کە تایبەتمەندی خۆی هەبووە و جیاوازی هەیە لەگەڵ

خەیاڵی کلاسیکێك و ڕومانسییەك و لێکدانەوەی و ڕێبازەکانی تری وەك ڕیالیزم و سوریالیزم بۆ خەیاڵ، خەیاڵی دەقی کۆن لە زیادڕۆییەکی قووڵدا خۆی دەبینێتەوە بە جۆرێکی وا کە پەیوەندی لە گەڵ دنیای حەقیقەت و زانست دەپچڕێنی و بەمەش وێنەی خەیاڵی و ئەفسانەیان پێ بەرهەم دەهێنا، کە ئەمەش لە خەیاڵی لاسایی کەرەوە خۆی دەنواند، سەبارەت بە ڕۆڵ و گرنگی خەیاڵیش ئەفلاتوون، "لە ژێر بۆچوونی فەلسەفەکەیدا کە بە جیهانی نموونەیی ناسراوە، بۆچوونێکی نێگەتیفی لەسەر چەمکی خەیاڵ خستووەتە ڕوو بەوەی، خیاڵ بە جۆریك سەیر دەکات کە هێزێکە مرۆڤ لە ڕاستی دوور دەکاتەوەو ڕاستییەکان دەشێوێنێت" (افلاطون:١٩٨٦:٣٦٦)، لێرەدا (ئەفلاتوون) لەسەر ئەو بنەمایە و چەند بنەمایەکی تری وەك لاسایی کردنەوە و ئیلهام و کەوا شاعیران لە کۆمارەکەی خۆی ئەکاتە دەرەوە جگە لەو شاعیرانەی، کە سوودیان بۆ بەرژەوەندی گشتی و دەوڵەت هەیە، بەڵام هەرچی (ئەرستۆ)یە لەسەر چەمکی خەیاڵ بە پێچەوانەی (ئەفلاتوون) دەڕوات و لە گۆشە نیگایەکی ترەوە لە گرنگی و بەهای خەیاڵ دەڕوانێت و پێی وایە،"خەیاڵ ئەو هێزەیە، کەوا توانای بەرهەمهێنان و بەستنەوەو پێکهێنانی وێنەی هەیە، خەیاڵ سەرەڕای پەیوەستبوونی بەهەستەوە، خەیاڵ دەکەوێتە ژێر هێزی عەقڵ" (ارسطوطالییس:١٩٥٣:٤٣). وەك دەردەکەوێت (ئەرستۆ) هێزی خەیاڵ بۆ شاعیر و بەرهەمهێنانی دەق بە گرنگ دادەنێت و خەیاڵیش بەهێزیکی دانەبڕاو لە پرۆسەی بیرکردنەوەو عەقڵ دادەنێت. بە مەبەستی زیاتر تیشك خستنە سەر ڕۆڵ و گرنگی خەیاڵ، دەبینین کە بەپێی ڕێبازە ئەدەبییەکان جیاوازی هەیە و لە هەر ڕێبازێکدا بە شێوەیەکی جیاواز سەیری کراوە بۆ نموونە لە ڕێبازی کلاسیزمدا پرۆسەی خەیاڵ لەسەر بنەمای عەقڵانی بوون، واتا پابەندبوون بە یاساو دەستورە دانراوەکانەوە لە بابەتەکانیان دەڕوانی و تیایدا "عەقل بە توخمێکی بنچینەیی دادەنرێ و بناغەی فەلسەفەی جوانییە لە داهێنانی ئەدەبی کلاسیکیدا، چونکە لای ئەوان عەقڵ تیشکدانەوەی ڕاستییە، ڕاستیش لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا نەگۆڕ و یەکسانە و بەردەوام دەمێنێتەوە، عەقڵ خەیاڵی مرۆڤ بەرەو ڕێگایەکی ڕاست ڕێبەری دەکات و سنوری بۆ دادەنێت، وا لە مرۆڤ دەکات پەیڕەوی یاسا گشتییەکان بکات"(پیربال:٢٠٠٤:٣١). لێرەدا وەك دەبینین ڕێبازی کلاسیزم لەگەڵ ئەوەی کەوا لەسەر بنەمای سنوردانان و یاسا کار دەکات، جەخت لە خەیاڵی مرۆڤ دەکاتەوە و خەیاڵ بەو ڕەهەندە دادەنێت کەوا هێزی پەیڕەوی کردن لە یاسا گشتییەکان بە مرۆڤ دەبەخشێت کە ئەمەش ئامانجی سەرەکی ڕێبازی کلاسیزمە.

بەڵام هەرچی ڕۆمانسییەکان بوون بە دیوێکی تر و جۆرێکی تر لە جیهانی خەیاڵیان دەڕوانی و "بەلای ڕۆمانسییەکانەوە خەیاڵ سەرچاوەی سەرەکی وزەی ڕۆحە و پەیوەندی بە نیزامی میتافیزیکی ئەو دیوی سروشتەوە هەیە، دووپاتیان لەسەر خەیاڵ

دەكردەوە بەلایـانەوە خەیـاڵ جۆرێكە لە ئاشـكرا كردنـی ڕاسـتی، ڕمانسـییەكان مامەڵەیـان لەگەڵ خەیاڵ بەم شێوەیە نەبوو، كە وجوودی نییە بەڵكو دەیـان گـوت خەیـاڵ كـاتێ، كە چالاكی خۆی جێ بەجێ دەكـات، ئەو شـتانە ئاشـكرا دەكـات كە عەقڵـی ئاسـایی نـاتوانێ بیان گاتێ، بەلای ڕۆمانسییەكان خەیاڵ تاكە هێزە، كە شاعیر دروست دەكـات لەبەر ئەوەی خەیاڵ شتێكی پیرۆزە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە خەیـاڵ ڕاسـتی و حەقیقەت دروست دەكات" (موریس بورا٢٠٠٤:٢٠_٢١)

لەلایەكی تریشەوە ڕۆڵ و مەسەلەی خەیاڵ لە لایەن زۆرێك لە زانا و فەیلەسوفەكان ئامـاژەی پێكـراوە و بە شـێوەی جیـاواز خـراوەتە ڕوو بـۆ نمـوونە (ولـیم بلیـك) وای دەبینـێ، كە "خەیاڵ خەوێكی پیـرۆزە و تـاكە هێزێكە دەتوانێ شیعر خەلـق بكـات، "شـیلنگ" وا دەبینـێ كە خەیـــاڵ تـــاكە هۆكـــارە بـــۆ درك كردنـــی هەر حەقیقەتێـــك" (مـــازی:٢٠١٠:٥٩). وەك دەردەكەوێت (بلیـك) بـۆ نوسـین و بەرهەمهێنـانی شیعر جەخـت لە هیـزی خەیـاڵ دەكـاتەوە و تێگەیشـتن و ناسـینی ڕاسـتییەكان دەكـاتە ئەركـی پرۆسـەی خەیـاڵكردن، هەروەهـا (وردز ورس) شـاعیری گەوەری سـەر بە ڕێبـازی ڕۆمـانتیكی"بەهەمـان شـێوە ئەركـی دركـكردنـی ڕاسـتییەكان بە هێـزی خەیـاڵەوە پەیوەسـت دەكـات و ئەندێشـە بە ئـامرازی بەدەسـتهێنانی زانیارییەكـان لەقەڵەم ئەدەات" (مەولـوود٢٠٠٩:١٥). بەڵام كـۆلیردج بەشـیوەیەكی وردتـر كـاری لەسەر چەمكی خەیاڵ و هیزی كاریگەریانەی خەیاڵ كـردووە و بەلایەوە، خەیـاڵ دوو جۆری هەیە ئەوانـیش خەیـاڵی سـەرەكی و خەیـاڵی لاوەكـین،"جیـاوازی خەیـاڵی لاوەكـی لەگەڵ خەیـاڵی سەرەكی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە خەیـاڵی لاوەكـی تـایبەتە بە داهێنـان لە بـواری ئەدەبـدا و شـاعیرو بلیمەتەكـان خـاوەنی ئەم جـۆرە خەیـاڵەن و خەیـاڵی سـەرەكیش تـایبەتە بەهەموو كەسێك" (میراودەلی:١٩٧٩:٢٦٥). بەو پێە بێت لای كۆلیردج خەیاڵی لاوەكی دەبێتە سەرچاوەی داهێنان و لێرەوە جەخت كردن لەسەر خەیاڵ بەهێزتر دەبێت. هەر لەو ڕوانـگەیەوە خەیاڵ بە پێكهاتەیەكی گەورەتر  دێتە بەرباس (شیللی) "شـاعیری ئینگلیزی، كە خـاوەنی "كتێبی بەرگری كردن لە شیعر"ە بەلای شیللییەوە حەقیقەت ئەوەیە كە شاعیر لە ڕێگەی خەیـاڵەوە پێـی دەگـات نەوەك لە ڕێـگەی لۆژیـك كە هەمـوو فەیلەسـوفێك بانگەشـەی بـۆ دەكات" (حوسین:٢٠٠٧:٦٠).

### ١-٣. جوانناسی خەیاڵ لە ئەفسانەدا

بەگشتی خەیاڵ كە خۆی یەكێكە لە ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی ئەدەب، بەڵام لە ئەفسانەدا ئەم ڕەگەزە قووڵتر دەبێتەوە و بە یەكێك لە بنەمـا سـەرەكییەكانی دروسـتبوونی ئەفسـانە دادەنرێت، چونكەهەروەكو عیزەدین مستەفا ڕەسـوڵ دەڵێت: "ئەفسـانە بەرهەمـی ئەو كـاتەیە كە ئـادەمیزاد دەستەوەسـتان و بـێ دەسـتەڵات ڕووبەڕووی سروشـت دەوەسـتا و هـیچ

ڕووداوێکی سروشتی بەرپێکی بۆ لێك نەدەدرایەوە و تێی نەدەگەیشت و دەستەڵاتیشی بەسەریا نەبوو، بۆیە دەرگای بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵ دەخستە سەر پشت بەو جۆرەی کە ئەم ئەفسانەیەی لێ هاتە بەرهەم" (رسول،٢٠١٠، ١٧). لێرەدا دەبینین، کە مرۆڤ لەسەردامانی کۆندا لەبری بیردۆزی زانستی و سەلماندنی زانستی و ئامێرە پێشکەوتووەکان تەنیا لە ڕێگەی خەیاڵەوە هەسەنگاندن و لێکدانەوەی بۆ دەرووبەر و دیارەکانی سروشت کردووە، بەمەش داهێنان و قووڵبوونەوەی لە پرۆسەی خەیاڵکردندا ئەنجامدا، دواجار خەیاڵکردن هەم بوو بەهۆی بەرهەمهێنانی تێگەیشتی سەرەتایی لەمەڕ شتەکان و هەم بوو بەهۆی ڕەواندنەوەی ترس و ئارامی دەروونی و هەم بوو بەهۆی چێژ لێ وەرگرتن، کە هەموو ئەوانە لە ناو بەرهەمی ئەفسانەییدا بەرجەستەکران. بەم شێوەیە دەبینین، کە خەیاڵ بوو بەو بنەما سەرەکییەی ناو بەرهەمی ئەفسانەیی و دەقی ئەدەبی، بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش خستنەڕووی بابەتەکان و ناوەرۆکەکە لە بەرگێکی ئیستاتیکیدا.

لێرەدا جوانناسی خەیاڵ خۆی دەسەلمێنێت، بۆیە لە ئەفسانەدا خەیاڵ هەر تەنیا ڕۆڵێکی سادە نابینێت بۆ خستنەروو و لێکدانەوەی شتەکان، بەڵکو لێکدانەوەکان ئارایشت دەکات بۆ هەر باس و خستنەڕوو و گێڕانەوەیەک دیاردەکان بە وێنە دەکرێن و بە هاوکێشەیەکی هزریدا دەڕۆن وەک بەرامبەرکردنی دیمەنەکان و لە جێگا دانان، ئینجا بابەتەکە بە کەرەستەکانی ئارگیۆمێنتدا دەڕن، بەمەش بەگێکی ئیستاتکی بە بەرخەیاڵە ئەفسانەییەکەدا دەکرێت و جیهانێکی نوێ پڕ لە جوانناسی لە ناو دەقە ئەفسانەییەکەدا دەخولقێت.

ئیستاتیکای خەیاڵ وێنەیەکی زەینی ئارگیومێنت ئامێز لە هەست و بیرکردنەوەی خوێنەردا دروست دەکات، چێژی هزری دەروونی پێ دەبەخشێت، بەجۆرێک هەموو ڕەگەزەکانی وێنە و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بنەماکانی ئیدییەم و مێتافۆڕ دەکاتە بنەمای ئەو داهێنانە ئەدەبییە ئیستاتیکییە، کەواتە خودی ئەو جواناسی خەیاڵە "زانستێکە لە دنیای جوانی و ڕیشەی جوانی دەکۆڵێتەوە هەوڵ دەدات بە وردی لایەنی بیر و هزری جوانی هەڵبسەنگێنێت و هەموو ئەو ڕیشە و بنەمایانە بەدیار بخات، کە دەستیان لە خولقاندنی جوانی و رەخساندنی ئەم لایەنە گرنگ و بەهادارە هەیە"(علی:٢٠٢٠:١٢٢)، لەڕێگەی ئەو جوانبینینە و چێژوەرگرتن لە جواناسییەوە داهێنەرەوە دەقێکی ئەفسانەیی و ئەدەبی دروست دەبێت، کە مانا قوڵ و هەست و سۆز و خەیاڵی ئاڵۆز و سادەی تێکەڵ بە فەنتازیا دەکاتە خاڵی کاریگەر لەسەر خوێنەر، بەجۆرێک لەڕادەستی ئەو خەیاڵە دەبێت و لە ناو واقیعدا دەیبینێت.

لە ئەفسانەدا ئیستاتیکای خەیاڵ لە هەموو تەکنیک و ڕەگەزەکانی ئەفسانەدا بوونی هەیە، لە گێڕانەوە وجۆرەکانی گێڕانەوە بگرە بۆ چنینی ڕووداوەکان و شێوازی خستنەڕووی ڕووداوەکان، هەروەها لە وێنەکێشانی کەسایەتییەکان و خستنەڕووی تایبەتمەندنی و نموونەیی بوونی پاڵەوان و توانا و ئەرک و ڕۆڵی پاڵەوانەکان، لە کات و شوێنی ئەفسانەدا جوانناسی خەیاڵ بوونێکی گەورەی هەیە، بەهای هونەری و ئەدەبی بە دەقە ئەفسانەییەکان دەبەخشێت.

**بەشی دووەم**

**٢-١. خەیاڵ لە ئەفسانەی کوردیدا**

ئەفسانە کۆنترین شێوازەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤە، بەرهەمی خەیاڵ و تێرامان و هزری مرۆڤی سەرەتاییە، ئەگەرچی ئەم جۆرە تێروانینە بۆ تێگەیشتن لە ژیان و شتەکانی دەوروبەر تارادەیەك بێگەرد و ساکارە، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆی لە دیوی کۆمەڵێك مانا و چەمکی قووڵ و شاراوە حەشارداوە، سەرەڕای پێشکەوتنی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی، هێشتا ئەفسانە پەند و پەروەردەیەکی تەواوە بۆ مرۆڤ، لەبەرئەوەی کۆمەڵێك وانەی پەروەردەیی و ڕەوشتی لە نێو ناوەڕۆکی ئەفسانەکاندا بەدی دەکرێت کە وەکو سامانێکی کلتووری و بەشێکی گرنگ لە ناسنامەی هەر نەتەوەیەک دەپارێزێت، ئەفسانە وەک بەهێزترین ڕەگەزی کلتوور و کەلەپوور، ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە گواستنەوەی بەها و باوەڕە گرنگەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و گواستنەوەی بەها کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا، لەبەرئەوەی خەیاڵە گوزارشت لە هەست و نەستەکان دەکات وانە و پەندی ڕەوشتی دەبەشێتەوە، لەڕێگای ئاوێزانی بە بەرهەمە فۆلکلۆری و کەلەپوورییەکاندا، "کەلەپوور وێنەیەکە لە بەرهەمی مرۆڤایەتی لە بوارە جیاوازەکاندا، کەلەپوریش دوو ڕاستی لە خۆدەگرێت، ڕاستی ماددی، ڕاستی فیکری، چونکە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی تەنها بابەتێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو بەخشینی خودی کەسایەتییەکان بۆ مرۆڤایەتی ، کە چوونە مێژووەوە" (ابراهیم:٢٠٢٤:٩٣)، ئینجا کاریگەری ئەفسانە و بەدەستهینانی ئامانجەکە لە ڕێگای خەیاڵەوە دەبێت، ئەم چیرۆک و ئەفسانانە زۆرجار پەیامی قووڵ و واتای شاراوەیان تێدایە کە دەبنە هۆی بەردەوامی و پاراستنی کەلەپووری کۆمەڵگا، بەم شێوەیە، میسۆلۆژیا وەک ئامرازێکی گرنگ کار دەکات بۆ پاراستن و گواستنەوەی بەها کلتوورییەکان لە نێوان نەوەکاندا وزیاتریش گواستنەوەی بە دەماودەم و زارەکی.

ئینجا سەبارەت بە چەمك و تێگەیشتنی جوانناسی وەکو ڕەهەندێکی تایبەت لە ئەدەب و ئەفسانەدا بە تێر و تەسەل لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە باسکرا، کە بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە فرە ڕەهەندی و بابەتی ڕەگەزی ئەدەب لە ئەفسانە درا، بەشێوەیەك جوانناسی خەیاڵ دەتوانێت لە ڕێگەی ئەفسانەوە وێنەی سەروو سروشتی سەرسوڕهێنەر و کەرستەی جیاوازی وەك ئەژدیها و پەری و دێو درنج یان قەڵای سیحراوی و شاری ونبوو و شمشێری سیحراوی گۆچانی جادوویی و چەندین ئامێر و کەرستەی نهێنی و سیحری بخولقێنێت، کە لە واقیعدا بوونیان نییە ، بوونەوەری ئەفسانەیی و ڕووداوی سەیر و سەمەرە بخولقێنێت، کە بە جۆرێك لە پلەیەکی ئیستاتیکای زۆر بەرزدا خۆی نیشان بدات..

## ٢-٢. جوانناسی خەیاڵ لە پیکهاتەی ئەفسانەکانی سیحر و جادوودا:

### ٢-٢-١. ڕووداوی خەیاڵی

ڕووداو ئەو کار و کردەوانەیە لە ناو گێڕانەوە ئەفسانەییەکەدا کارەکتەرەکان پێی هەڵدەستن و ڕووبەڕووی دەبنەوە، کە بەشێکی سەرەکی و گرنگی گێڕانەوە کە بنیات دەنێت و چنینەکە تەواو دەکات، "ڕووداو بڕبڕەی پشتی هەموو رەگەزە هونەرییەکانی تری گێڕانەوەییە، رەگەزەکانی وەك:(گێڕانەوە،کات، شوێن، کارەکتەر، زمان.....هتد) لە بەرئەوەی ڕووداو بریتییە لە زنجیرەکردن و چنین و ڕێکخستنی کات و بەسەرهات و کردەوەکان و پۆلینکردنیان لە یەکەیەکی گێڕانەوەیی ڕێکخراودا" (ابراهیم:٢٠٢٤:١٩٤)، پەیامی گێڕانەوەکە لە ڕێگەی ڕووداوەوە دەگەیەنرێتە وەرگر ڕەگەزەکانی تری گێڕانەوە لە ڕێگەی ڕووداودا کاریگەری دروست دەکەن، کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری قووڵی کەسایەتی و هەندێك جار ئەم گۆڕانکارییە دەکرێت فیزیکی یان دەروونی بێت.

ئینجا مەبەست لە ڕووداوی خەیاڵیش هەر هەمان ڕەگەزی ڕووداوە کە لە گێڕانەوەی چیرۆکێکدا هەیە، بەڵام ئەم ڕووداوە هەندێك خەسڵەتی فەنتازی و هێزی سەروو سروشتی تێدا بەرجەستە دەبێت، کە لە هەموو گێڕانەوەیەکدا بەرجەستە نابێت وبەشێوەیەک کە بەسەرهات و کردەوەکان لە دونیای واقیعدا مەحاڵە ڕوودانیان، کە "مەبەستی ختووکە دانی هەست و سۆزی خوێنەر، ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکانیان بەهۆی زیادە پێوەنان و خستنە پاڵی شتی سەیر، پێشتر نەبیسترابێت، هەروەها خستنەرووی ڕووداوی ئێجگار نائاسا، بە ڕادەیەکی زۆر سەرنجراکێش دەکەن" (یاقووب:ب٢٠٢١:٢:٤٤١)، واتە خەیاڵ دەرهاویشتەی سەرچاوە ڕاستەقینەکە نییە بەمانای خەیاڵێك لە چوارچێوەی ڕووداوێکی ڕاستەقینەی خەیاڵ ئامێز، بەڵکو لە خەیاڵی سەرووی سروشتی نوسەرەوە سەرچاوەی گرتووە کە داهێنراوە، ئینجا خستنەرووی ئەم جۆرە ڕووداوە لەلایەن نوسەرەوە، کە بریتییە لە نیشاندانی زنجیرەیەك بەدواییەکداهاتنی ڕووداوی سەرەکی و فەنتازی سەروو واقیع لە هەمان

کاتیشـدا دەرخسـتن و خسـتنە بەردەسـتی بەڵگەیـەك بـۆ بـوونی روودانـی واقیعـی کـە پێچەوانەکەیە، لەبەرئەوە نوسەر "لە کارە گشتیەکەدا، تێکەڵەیەك لە واقیع و خەیاڵ بە پۆشاکی خەیاڵ رووداوەکان دەڕازێنێتەوە و بەرجەستەیان دەکات و دەیانخاتەروو، چونکە لە پۆتیقای خەیاڵدا جاریکی تر (واقیع و خەیاڵ)، کە بریتین لە ( مێژوو، کەلتوور، واقیع، خەیاڵ، ئەفسانە، هەقایەت، سەرگوزشتە ...... هتد) دەتوێنێتەوە و رووداوێکی تر و واقیعێکی تر بە ئیستاتیکایەکی تر دەخاتەروو" (ابراهیم:٢٠٢٤:١٩٥).

ئەگەر ئەفسانەی دوو برای بالوولی زانا و خەلیفەی بەغدا وەکو نموونەی رووداوێکی خەیاڵی وەربگرین، دەبینین کە لەنێو گێرانەوەکەدا چەندین رووداوی خەیاڵی سەرەکی و لاوەکی تێدا هەیە، کە لە مەزەندە و بیرو باوەڕی هیچ کەسێکدا بوونی نییە، سنووری واقیعی دەبڕێت و رووداوەکان دەخاتە نێوە چوارچێوەیەکی فەنتازی،پوختەی چیرۆکەکە ئەوەیە کە هاوسەری خەلیفە تانە و بوختان بە برای مێردەکەی کە بالوولە دەکات و دەیەوێت یەکێکیان ئەوەی تر بکوژێت، "ژنی گچکە لیباسی خۆی دڕاند و بە غار چووە کن خەلیفە و گوتی خاکت وە سەر بزانە برای شێتت چی لێکردووم هەموو جلەکانی دڕاندووم و بە زەحمەت لە چنگانی نەجاتیم بووە، خەلیفە دەستی دا شیر و بانگی کرد کوا بالول لە کوێیە ئێستا دەیکوژم، لەم بێنە و بەرەیە دا بالول مەنجەڵێک و هیندی جا و ( کفن) و پێمەرەیەک و بێلێکی هەلگرت و چووە قەبرستان و گۆڕێکی هەلکەند و لەپەنای راوەستا، خەلیفە شوێنی هەلگرت و هاتە وێندە ری و بانگی کرد ئیستا لە سەرت دەدەم، بالول گوتی : من کفنم ئامادە کردووە و ئاوم گەرم کردووە و گۆڕم هەڵکەندووە و ئامادەم کە بمکوژی کە خەلیفە لێی چووە پێش بالول گوتی : من و تو براین و لە دایک و بابێکین. دەستت بدە بە من و قاچت لەسەر لاقی من دابنێ و یەکتر ماچ کەین و دوایە بمکوژە، لەگەلکو خەلیفە قاچی خستە سەر لاقی بالول و دەستی دایە دەست بالول سورێکی خوارد و خەلیفەی رێگای هەزار ساڵ دوور هەڵداشت" (حیسامی:٢٠٠٠:١٣٠)، لێرەدا سیحر و جادوو دەبن بە بەشێکی بنەڕەت و سەرەکی تەواوی رووداوەکانی نێو ئەفسانەکە، بۆیە پاڵەوانی چیرۆکەکە کە بالوولە بە دیمەنێکی خەیاڵی براکەی کە مرۆڤە و لەرووی عەقڵی و جەستەییەوە مرۆڤێکی کامڵە هەڵدەدات بەرەو ئەودیووی دونیا، ئینجا لە بەکارهێنانی دەسەڵاتێکی سەروو سروشتی و نائاسایی لەم رووداوەدا وایکردووە کە ئاراستەی رووداوەکە یان بەسەرهاتەکەتەدا و بەرەو خەیاڵێکی فەنتازی بڕوات و خۆی لە قاڵبی لۆژیک و مەنتق رزگار بکات، لەبەرئەوەی هیچ مرۆڤێکی ئاسایی دەسەڵات یان هێز و توانای ڕادەبەدەری نییە کە بتوانێت دەستی مرۆڤێکی وەکو خۆی بگرێت و تورِی هەڵداتە ماوەیەکی دوور و درێژ و سنووری وڵاتان ببڕێت کە رێگای هەزاران ساڵ بێت.

ئینجا ئەم ڕووداوە خەیاڵیانە خوێنەر بەرەو ئاقاری جیهانێکی سەرکێشی و خەیاڵی و ناواقیعی و لێزمەی جادوویی و دوور لە جیهانی ڕاستەقینە دەبات، کە زۆرجار بەخوێندنەوەی یان بیستنی دەزانرێت کە کرۆکێکی تەواو خەیاڵیە، دواتریش لە ڕووداوێك تری هەمان ئەفسانەدا، لە کۆتاییەکەیدا خەلیفە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی، لە ئەنجامدا بە هۆی فڕینی باڵندەیەکەوە دەگەڕێتەوە شارەکەی خۆی، واتە دوای ئەوەی تووڕ درایە ئەو شوێنەی کە هەزار ساڵ ڕێگایە، هەر لە هەمان جێگا بە یارمەتی چەند کەسانێك گەیشتە باڵندەی جادووگەر، کە ئەرکی ئەو باڵندەیە گواستنەوە یان هێنان و بردنی مرۆڤەکانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جا ئەگەر دوور بێ یان نزیک، خەلیفەش بە گرتنی لاقی باڵندە گوازرایەوە هەمان قەبرسان و لای بالوولی برای کە هەر لای قەبرەکە وەستابوو، کە لە دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو کاتە و ڕۆشتن و گەڕانەوەی کاتەکە وەستاوە و هیچ شتێك نەگۆڕاوە، کەواتە هەر پەیامێك لە پشتی ئەو گێڕانەوەیەدا بوونی هەبێت ئەوا لەڕێگای ڕەگەزە پێکهێنەرەکان و خەیاڵی سەروو هێزی سروشتیش پەیامەکە ئاراستە دەکرێت.

### ٢-٢-٢. شوێنی خەیاڵی

شوێن وەکو ڕەگەزی سەرەکی گێڕانەوە ئەو پانتایی یان سنوورەی جوگرافیایە کە لەگەڵ کارەکتەر و کاتی گێڕانەوەکەدا هاوتەریب و یەکانگیرن بە شێوەیەك ڕۆڵی خستنە باوەشی هەموو ڕەگەزەکانی تر دەبینێت، چوارچێوەیەکی دیاریکراو لە خۆ دەگرێت، سەنگ و قورساییەکی تەواوی لە نێو هەموو ژانرە ئەدەبیەکاندا داگیر کردووە، لە واقیعیشدا وەکو ئەو سنوورەی مرۆڤ ژیانی تێیدا بەسەردەبات، شوێن بەوە پێناسە دەکرێت ، کە ئەو پارچەیە لە سەرەتای درووستبوونییەوە مرۆڤ دەتوانێت وەك قەوارە و چوارچێوەیەکە کە خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەت و خاسیەتی دیاریکراوە تێیدا بژی "لە گێڕانەوەدا شوێن لە هەر دەقێکدا سیمانتیکی تایبەتی خۆی هەیە، شوێن مەودایەکە بۆشایی نییە و بەڵکو پڕە لە بوونەوەر و شت لە ڕاستیدا ناتوانیین شوێنێك وێنا بکەینکە بەڕاستی بوونی نییە، شتەکان بەشێکن لە شوێن و جیانابنەوە لێی، بەڵکو لە هەندێ ڕەهەندەوە لەڕێگەی دۆزینەوەی دەلالەتەوە هەڵهێنجاندنی واتایی بۆ دەکرێت))(ذیاب:٢٠١٥:٢٩١)، ئەگەرچی لێرەدا بەم شێوەیە پێناسەی شوێن دەکرێت، کە هیچ شوێنێکی خەیاڵی لە ئەدەبدا بوونی نییە ودەبێت شوێنێکی ڕاستەقینە هەبێت کارەکتەر و پاڵەوان بەردەوامی بدەن بە گێڕانەوەکە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەفسانە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە نەك تەنها هەر شوێن نقومی جیهانی خەیاڵی و فەنتازیین بە جۆرێك کە ناو و ناونیشانیان نادیار و ناڕوونە وخاوەنی دەلالەتە ئەندازەییەکان نیین و تەنها لە شێوەی سیحر و جادوویدا دەردەکەون، بەڵام ئەوەش مانای نەبوونی شوێنی خەیاڵی ناگەیەنێت "گاستون باشلار دەڵێت: "شوێن کە بەرەو خەیاڵ

دەچێت، ناتوانێت وەكو شوێنێكی پەراوێز خراو خاوەن بنەما ئەندازەییەكان بێت بەڵكو دەبێت بە شوێنێك كە مرۆڤی تێدا ژیاوە، بڵام بە شێوەیەكی نابابەتی یان پڕاوپڕ لە خەیاڵ، سەرنجی ئێمە بۆ خۆی كێش دەكات، خۆی لە خۆیدا شوێن چڕییەكە لە بوون" (سەعید:٢٠٢٤:١٦٢)، كەواتە ئەفسانە وەكو بەشێكی ئەدەبی كلتووری و شوێنەواری ئەگەر پڕ بێت لە توخم و ڕەگەزی جیاوازی خەیاڵ، ئەوا خاڵیش نابێت لە شوێنی خەیاڵی لەبەر ئەوەی ڕوون و ئاشكرایە كە هەریەك لەو ڕەگەزانە تەواوكەری یەكدین و هەموویان لە ژێر بنمیچی یەك خانەدا كارەكانی خۆیان تەواو دەكەن "ئەفسانە بە هەموو هێز و پێكهاتەكانی، بە هەموو پاڵەوان و ڕووداوەكانییەوە، بەردەوام نمایشی سەر جۆرە شوێنێكە، جا ئەو شوێنە شوێنی ئاسایی و ناسراو بێت، یان شوێنی ئەفسانەیی، چونكە لە ئەفسانەدا پاڵەوانی ئاسایی لە شوێنی ئەفسانەدا كرداری ئاسایی و ئەفسانەیی دەكات، هەروەها پاڵەوانی ئەفسانەیی لە شوێنی ئاساییدا كاری ئەفسانەیی و ئاسایی دەكات، شوێنیش خۆی بۆ حەكایەتی ئەفسانەیی هێزێكە جیا لە شوێنی ئاسایی و هێزێكە لە هێزەكانی ئەفسانە" (حەسەن:٢٠٢٠:١٨٤)، كەواتە شوێنی خەیاڵی بریتییە لەو شوێنەی لە جیهانی واقیعدا دروستكراوی دەستی نووسەرە و لە خەیاڵ و داهێنانی هزری ئەودا سروشتێكی تایبەتیان وەرگرتووە و بوونێكی فیزیكی ڕاستەقینەی نییە و بۆ خزمەتی گێڕانەوەكە بنیات دەنێرێت، كە لەگەڵ پێداویستیەكانی یان پێكهاتەكانی تری گێڕانەوەكەدا یەكانگیر دەبن بەشێوازێك ڕۆڵێكی سەرەكی لە فەزای گێڕانەوەكەدا دەبینێت، ئەو تایبەتمەندییانەن كە شوێنەكە بۆ ئاراستەیەكی خەیاڵی دەگوازنەوە هەروەها هەموو خاسیەت و خەسڵەتانەی لە شوێنی ڕاستەقینەدا هەیە لە شوێنی خەیاڵیشدا بوونی هەیە"كەواتە شوێنی خەیاڵی....، هەموو ئەو شوێنانەیە، كە بوونێكی ڕاستەقینە و واقیعیان لە بووندا نییە، چونكە ئەو شوێنانە لە بیر و هزر و خەیاڵی داهێنەرانەی نووسەرەوە سەرچاوە دەگرن" (ابراهیم:٢٠٢٤:٢٠١٩)، پێكهاتەی هەندێك ئەفسانە هەروەكو خودی ئەفسانەكە ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی لە هەندێ ناوی كەسایەتی و شوێنی سەیر و سەمەرە دێت، كە مرۆڤ لە ماوەی تێگەیشتن و پێگەیشتندا گوێبیستی نەبووە بەتایبەتی شوێن كە شوێنێكی خەیاڵی و فەنتازییە بۆ نموونە ( شاری جابولقا) "جابولقا ناوی شارێكی ئەفسانەییە، ناوی هەیە و بوونی نییە، بۆ یەكەم جار لە كتێبی (هەزار و یەك شەوە) هێنراوەتە نێو ناوان. شاری جابولقا ئەم شارە وەكو شارێكی خەیاڵی و ئەفسانەیی باس دەكرێ، بەڵام لە ئەفسانە شاری دوور و بزریش پاڵەوان دەتوانێت بیدۆزێتەوە و مرادی خۆی لێ ئەدا بكا" (حەمەد،مستەفا:٢٠٢٢:١٩٤) هاوشێوەی شاری جابولقا شار و شوێنی تری وەكە (شاخی قاف، ئەشكەوتی جنۆكان، كۆشكی پەرییان،دەریای شەیتان..........هتد) هەیە كە لە ئەفسانەدا وەكو پردێك وان لە نێوان دونیا و دونیای ڕاستەقینە و دونیای خەیاڵدا، كە بە جۆرێك بوار

دەدەنە داهێنەری چیرۆکی ئەفسانەکە زیاتر زەق و سەرنجڕاکێش بکات،لە لایەکی تریش یارمەتی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی تری وەکو کارەکتەر و کات و ڕووداوەکە دەدات بۆ تەواوکردن و گرێچنی ڕووداوەکان هەروەها نیشاندانیی ئیستاتیکای دەقەکەش، بە هەمان شێوە (کێوی قاف) یەکێکی ترە لەو ناونیشانانە ئەفسانەییانەی کە لە مێژووی ئەدەب و ئەفسانەدا مۆرکێکی مێژوویی وەردەگرێت، کە تێڕوانینی جیاواز لەمبارەیەوە لە ئارادا هەیە، بەشێوەیەك دەیبەستنەوە بە ( سوورەتی ق) لە قورئانی پیرۆزدا و هەندێکی تریش دەیگەرێننەوە بۆ چیرۆکی یەئجووج و مەئجووج یان شاخەکە وەکو بەربەستێکی ئاسن و قورقوشم بۆ پاراستنی خاك و نیشتیمان، لەبەرئەوە ئەم چیرۆکانە چەندین نموونەی جادوویی و نامۆیان تێدا هەیە بۆ خولقاندنی چەند چیرۆکێکی سەیر و سەمەرە و خۆشخوان و چێژبەخشی زیاتر بە زیهنی گوێگر بدات،لە جیهانی ئەفسانەدا شوێنی وەها بەرچاو دەکەوێت کە عەقڵ و لۆژیك قبووڵی ناکات، دنیای سەر هەیڤ یەکێکی ترە لەو جۆرە شوێنانە "دیسان هەردوو برا ل هەسپێهن خوە سوار بوون و بڵند بوونە ئاسمانا و قەستا قەسرا سەربانێ هەیڤێ کرن، هەر چەوا دەرگەهی قەسرێ ڤەکرن شێر ل حرینا و بەروان ڤەهات، لێرە و لەو گێڕانەوە خەیاڵیانەدا باسی چەندین جیهان دەکرێت ك دوورە دەست و پەنهانین و کەس نایانگاتێ، ئەوەی مرۆڤ تێیگەیشتووە و پێیگەیشتووە هەر یەك جیهان هەیە مرۆڤ دەتوانێت لەسەری بژی، دیسان دەڵێت"دەروێش من دڤێت ئەڤێ ژ میری خۆ بپرسم، ئەڤ تاکی روحانی ل کیڤەیە، ل سەر دنیایی یە یان ژ ل بن دنیایی یە" (هزرڤان:٢٠٠٢:٢٧٢)، ئەم ئەفسانەیە باسی جیهانێکی تر دەکات کە جیهانی ژێر زەوییە، حوکم لەسەر هەبوونی ئەو دونیایە دەدات ئەویش تەنها لە ڕێگای پرسیار کردنەوە لە تاکی روحانی دەپرسێت کە لە کامە دونیایە؟ دونیای سەرمانگ و دونیای سەر ڕۆژ و دونیای ژێر زەوی و دونیا گەلێکە لە واقیعدا بوونیان نییە، لەبەرئەوەی تاکو ئێستا گەشەسەندن و پێشکەوتنی دونیا لە هەموو ڕوویێکەوە مرۆڤ هێشتا نەگەیشتووە بەو جیهانە سەیر و سەمەرانە، لەگەڵ ئەوەش هەر چۆنێك بێت بەشێوەیەکی نەویستانە مرۆڤ دەکەوێتە ژێرباری ئەو ناوەڕۆکە خەیاڵی و ئەفسانەییانە و لە پەنای نائاگایی مرۆڤ خۆیان حەشار دەدەن، ئینجا لەگەڵ ئەوانەش مەزراندنی ئەو جۆراوجۆری شوێنە و گونجاندنی لەگەڵ رۆڵی کارەکتەر و ڕووداوەکان وگونجاندنی کاتەکە، مەبەستی جیاوازی نوسەری دەقەکەیە، کە لە دیوی پشتەوەی بۆ ئامانجەکەی خۆی هەنگاو دەنێت.

### ٢-٢-٣. کاتی خەیاڵی

کات لە زمانی عەرەبیدا (الزمن) بۆ بەکاردێت کە بە واتای دەمی گێڕانەوە دێت، یەکێك لە توخمە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی هەر گێڕانەوەیەك بریتیە لە کات، هەریەك لەکاتی خودی و کاتی ئاسایی و فیزیکی کە لە کاتەکانی وەکو (ساڵ، مانگ، هەفتە ،

ڕۆژ، کاتژمێر، خولەك ، چرکە....) پێك دێت دروست دەبن، کە وەکو ڕەگەزێکی دانەبڕاو لە هەموو گێڕانەوەیەکەدا بە هێلی ئاسایی خۆی دا دەڕوات، بێگومان هەریەك لە توخمەکانی گێڕانـەوەش بـە هـەموو جۆرەکانییـەوە هـەر لـە ڕێگـای زمانـەوە بـەڕێوە دەبـرێن و نیشـان دەدرێن"کات ڕەهەند و پێوانەیە، کە تێیدا ڕووداوەکان دەتوانرێت لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و داهـاتوو هـەروەها پێوانـەی مـاوەی ڕووداوەکـان و مـەوداکانی نێوانیانـە" (حەسـەن: ٧٩:٢٠٢٢)، کـاتی خـەیاڵیش ئاماژەیـە بـۆ کاتێـك کـە نوسـەر بـۆ ڕووداوەکـانی چیرۆکەکـەی دیـاری دەکـات، کــە کاریگـەرییــەکی تــەواوی لەســەر ڕەوتــی چیرۆکەکــە و کردارەکــانی کارەکتـەرەکان بەسـەرەکی و لاوەکییـەوە هەیـە، "کـاتی خـەیاڵی، ئـەوجۆرە کاتەیـە کـە سـنوورەکانی کـاتی ئاسـایی و سروشـتی و گـەردوونی تێدەپـەڕێنێت وزیـاتر لـەو ڕووداوانـەدا دەرکـەوێت، کـە خـەون و خـەیاڵ و ئەفسانەیان تێدایـە..... کـە ڕەهەندێکی خوڕافیـان هەیـە و گوزارشت لـە دنیایـەکی ئەفسانەیی دەکەن، هەربۆیـە بونیـادی کاتەکەشـی لـە سـەودایەکی زەمـەنی نادیـار و بێسـنووری کـراوەدا گەمـە دەکـات" (ابـراهیم:٢٣٧:٢٠٢٤)، کـاتی خـەیاڵی ڕۆڵێکـی گرنـگ لـە بەڕێوەبـەردنی چیـرۆك یـان گێڕانەوەکـەدا هەیـە، بـە دروسـتکردنی جیهـانێکی بـاوەڕپێکراو کـە خوێنـەر لـەو دۆخـە دەگوازێتـەوە بـۆ باوەڕپێهێنـان بـە ڕووداوە نائاسـایی و فەنتازییـەکان کـە یارمـەتی خوێنــەر دەدات خــۆی بخزێنێتــە نــاو جیهــانی چیرۆکەکـەوە و بـۆ ماوەیـەکی کـاتی پشـت بکاتـە لۆژیکـی دونیـای ڕاسـتەقینە، لـەم جـۆرە کاتـەدا کـە کـاتێکی دروسـت و تـەواو نییـە لـە هـەمان کاتـدا بـێ سـنوور و نادیـارە بـەهۆی بەکارهێنانی هەندێك ئاماژە و هێمای کاتی خوێنەر لە کاتی راستەقینە و دروستی خۆی دوور دەکاتـەوە، لەبەرئەوە"ئەفسـانە وەك حیکایـەتێك کـە پـڕە لـە کەسـایەتی جیـا جیـا و ڕووداوی سەیر و هەمەجۆر، هـەر بۆیـەش پێویستییەکی بنەڕەتی بە (کات) هەیە، جا چ کـاتی ئاسـایی و ئەفسـانەیی، ئـەم کاتانـە بـە هـەردوو جۆریـەوە، کـاتی پاڵەوانـە ئاسـایی و ئەفسانەییەکانن، هەرچەنـدە کـاتی دەق وەك مێـژوو کـاتێکی دیـاریکراوی خـۆی ناداتـە دەسـت، بـەڵام حەکایـەت بـەردەوام لـە نێـو کاتدایـە، کـات بـە هـەردوو جۆرییـەوە" (حەسـەن:١٨٤:٢٠٢٠)، بێگومـان کـات وەکـو کەرستەیەکی ئەفسانەیی کاریگـەری تـەواوی لەسەر ڕەگەز و کەرەستەکانی تر هەیە، چونکە کات لە ئەفسانەدا ئـەو کاتە ڕاستەقینە و کاتـە فەلـەکی و فیزیکییـە نییـە و پەیوەنـدی بـە شـوێنی ڕوودانـی ڕووداوەکـەوە هـەبێت، لەبەرئەوەی کاتێکی سەربەخۆیە و بەردەوامی تەواوی نییە کە بۆ داهاتوو بڕوانێت، شاماران یان شای ماران چیرۆکێکی ئەفسانەییە کە لەنێو ئەدەبی کوردیدا زەخیرەیەکی گرنـگ و بـە بەڵگـە دەداتـە بەردەسـتی خوێنـەران، ئەگـەرچی لێـرە و لـەوی هەریـەك لـە نەتـەوە بێگانەکانی دراوسێ هەوڵی بە موڵککردنی ئەو ئەفسانە کۆنە دەدەن، بەڵام کاریگەرییە کلتووریە کوردەوارییەکان شایەتی بۆ بوونی ئەو ئەفسانە کوردییەی شای ماران کە نیوە

ژن و نیوه ماره دەدەن، کە هێما و ڕەمزی ئەو ئەفسانەیە ژیان و دووبارە زیندووبوونەوەیە بەوەی کەوا یەك ڕۆژ دەبێت ڕۆژی هەم ژیان هەم مردنی وەك دەزانیین دیۆنۆسووس لە ئوستوورە یۆنانییەکاندا، خودای مەستی و شەراب و ژیانە، ئەو کاتێك کە لە دایك دەبێ، چون سەر بە ڕەچەڵەکی خوداکانە، لە لایەن "تیتانەکان" ەوە کە غەیرە خودان، دەدڕێ و لەت و پەت دەکرێ، دواتر خواژنێك لەت و کوتەکانی هەڵدەگرێتەوە و پێستی ڕانی خۆی دادەبڕێ و ئەو لەت و کوتانە لەوێدا دەچێنێ و پاش ساڵێك هەر لەو لەت و کوتانە دیسان منداڵێك لە دایك دەبێتەوە... ساڵڕۆژی مەرگ و لە دایکبوونی دەبێتە یەك و ئەو ڕیکەوتە لە لای یۆنانییەکان ڕێکەوتێکی پیرۆز بووە، "ئەو بەشەی ئەفسانەی شامارانیش کە پاش مردن و کوژرانی لە لایەن مرۆڤەکانەوە دیسان هەر لە سەر لەشی ئەو کچێکی نیوە ژن و نیوە مار لەدایك دەبێتەوە وێکچوونێکی سەیری لەگەڵ ئەو ئوستوورە هەیە، سەیر لەوەدایە لە هەردووکیانیشدا نومادەکە نومادی ژیان و ژیانەوە و دیسان لە دایکبوونەوەیە" (ڕۆژهەڵات:٣٠ ئازار)، ئەوەی لێرەدا زیاتر جەختی دەخرێتە سەر کاتە ئەفسانەییەکەیە، کە کاتێکی دیاریکراوی فیزیکی دەبێتە ڕۆژی لەدایکبوون و مردنی، ئەو کاتەش بێگومان کاتێکی تەواو خەیاڵی و فەنتازییە، ئەدەبی ئەفسانە گوزارشتی ناوازەی دونیای خەیاڵ و خەون و هەوراز و نشێوی نێو ڕووداوەکانە، بەربوونەوە و دابەزینی بۆ قوڵایی زەوی تێدایە، کە بە شێوەیەکی گشتی عەقڵە بۆ جیهانی خەیاڵ و واقیعی ژیانی مرۆڤ دەخوێنێتەوە لە هارمۆنیای ژیان نزیك دەبێتەوە "لە نێو بوونەوەراندا، بە گەورە و بچووکیانەوە، هەندێ دیاردەی سەیر و ناوازە هەن، کە لە سەروەی هێلی ئاسایی ئەو بوونەوەرانەن، بە گشتی مێشی ئەسپ بە تیژی و خێرایی فڕۆکەی (نەفاسە) دەفڕێ لە یەك چرکەدا ٣٦٥،٦ مەتر دەبڕێ و لە دوو خولەکدا٢١،٨١ کیلۆ مەتر دەبڕێ، ئەومێشە بە تیژییەکی ئەوتۆ دەفڕێ، کە بە چاو نابینرێ، ئەم جۆرە تیژ فڕین و تیژ ڕۆیشتنە، خەیاڵی ئەفسانەیی گەیاندووەتە ئاستێك کە زەمەن لە نێوان دوورییەکاندا ناهێڵێت، لە کاتێدا دێو بە چاو نووقانێك لەوسەری دونیا دەگاتە ئەمسەری"(حەسەن:٢٠٢٠:١٦٧ ).

### ٢-٢-٤. کارەکتەری خەیاڵی

کارەکتەر(character) کە لە هەندێک شوێندا بە ناوەکانی(کەس، کەسایەتی) دێت، بابەتی سەرەکی و ڕۆڵی گەورەی بینینی ڕوداوەکانە لە هەموو گێڕانەوەیەکدا واتە ڕوداو و کارەساتەکان زیاتر دێنە ڕێگای پاڵەوان یان کارەکتەرو ئەو ئەرکی نیشاندانی وێنەو دیمەنە فەنتازییەکانە بە شێوەیەکی گشتی، کارەکتەر لە گێڕانەوەدا لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ڕەهەند بنیاد دەنرێت بۆ ئەوەی لاسای کەسانی واقعی پێ بکرێتەوە بەڵام لەگەل ئەوەشدا جیاوازە لە مرۆڤی ئاسایی کە لە واقیعدا بونیان هەیە، "چونکە مرۆڤەکان دروستکراوی خودان بونێکی فیزیکیان هەیە و بە پێچەوانەی

کارەکتەری نێو دەقیش ڕابردوو و داهاتوو ژیانی بەرەو ڕاکێشان هەیە" (عومەر :١٣ ٢٠١٥ )، کەواتە هەموو کارەکتەرێک لە ڕووی پێکهاتنەوە بە گشتی و لە ڕووی ڕۆڵ و ئەرک و بینینەوە بە تایبەتی لە کەسێکی دیکەی ئاسایی جیاوازە و بوونێکی فیزیکی و لۆژیکی تەواوی نیە، ئەمە ئەگەر کارەکتەری ئاسایی بێت، ئینجا ئەگەر باسەکە بێتە سەر کارەکتەر یان کەسایەتی و ڕۆڵگێڕانی لە گێڕانەوەیی ئەفسانەیدا ئەو کاتە تەواو تێڕوانینەکە چڕتر دەبێتەوە، بەوەی کە لێرەدا کارەکتەر هەر لە ڕوی خەلق بوون شێوەوە تەواو خەیاڵی و فەنتازییە، کاتێک کۆمەڵە کردەوەیەک ئەنجام دەدات کە لە دەسەڵاتی کارەکتەری ئاسایی نیە، بۆ نمونە پاڵەوان دەفڕێت و چەندین وڵآت تێدەپەڕێنێ، یان شکڵ و شێوەی مرۆڤ دەگۆڕیت بۆ ئاژەڵ دێو درنج بە پێچە وانەوە یان زیندوو کردنەوەی مردوو .........هتد، لە ئەفسانەی کوردیدا، نموونەی ئەم جۆرە کارەکتەرانە زۆر و جۆراو جۆرن"ڕۆژگارێك هەموو شتێك تاریك و نووتەك بوو، لە نێو ئاودا گیان لەبەری سامناك و سەیر هەبوو، خەڵك دوو باڵیان هەبوو، لە یەك جەستەی دوو سەردا، مێ و نێر یان ئەوەتە لە یەك كاتدا هەم نێر وهەم مێ هەبوون، هەندێك لەوانە شاخ و سمی بزنیان هەبوو، هەندێکی دیکەیان سمە ئەسپیان هەبوو، یان ئەوەتا پێی پێشەوەیان هیی مرۆڤ بوو و پاشیان پاشی ئەسپ بوو، ئەوانە لەسەر شێوەی ئەسپە مرۆڤ بوون، نەوەی مانگا بوون و سەریان سەری مرۆڤ، یان سەگی چوار جەستەیی و کلك کلکی ماسی، هەروەها هەندێك گیانلەبەری دیکە بە شێوە و جەستەی جۆراوجۆری ئاژەڵی لە یەك جەستەدا" (حەسەن:٢٠٢٠:٩٢)، بۆ نموونە نموونەی ئەو جۆرە کارەکتەرانە لە ئەفسانەی کوردیدا زۆرو هەمەجۆرن، شای پەرییان کیژۆڵەی جوانی باڵدار کە فریاد ڕەس و یارمەتیدەری خەڵك بەناوبانگە، زووحاکی خوێنڕێژ پاشایەکی ستەمکار کە دوو ماری لەسەر شانی ڕوواوە، لەبەرامبەریشدا کاوەی ئاسنگەری پاڵەوانی گەلی کورد کە دژی زووحاك ڕاپەڕی، لە ئەفسانەیەیکی سیحری و جادووگەرییدا کچێکی ساحیر عاشقی کوڕێك دەبێت، بەڵام کوڕەکە عاشقی پاشایە، کچەی جادووگەر داوا لە کوڕەکە دەکات بیخوازێت و کوڕەش لە ترسی باوکی کچە کە ئەویش هەر جادووگەرە ناوێرێت داواکە ڕەت بکاتەوە، دوای ئەوەش کوڕەکەش خۆی فێری حیکمەتی سیحر و جادوویی دەکات دەڵێتە دایکی منەدێمە سەر شێوەی ئەسپێك و تۆ بمبە بمفرۆشە، بەڵام ئاگات لێبێت، هەوسارەکەم نەفرۆشیت، هەرچەندی بتدونێ، هەوسارەکەی نەدەی، ئەگەر ئەوی بفرۆشی ئیدی نامبینییەوە، دایکەش ئەسپی بردە بازار و فرۆشتی، هەوسارەکەی ڕاگرت و گەڕایەوە کوڕەکەش بە دوایدا هاتەوە گوتی" ئێستا دێمە سەر شکلی حوشتر بەرە بمفروشە بەڵام هەوسارەکە ڕابگرە و نەیفروشی دایک حوشتری فرۆشت و ئەمجاریش کورەکەی بە دوایدا هاتەوە و گوتی : ئێستا دێمە سەر شکلی هێستر و بەرە لە بازار بمفرۆشە بەلام زۆر وریابە هەوسارەکە نەفروشی پیرێژن هیستری بردە بازار

کە بیفرۆشێ حەکیمی ساحیر زانی کە ئەوە هێسترێکی ئاسایی نیە و لە دڵدا گوتی بێگومان حیکمەت و سیحر لە من فێر بووە، هەوسارەکەشم پێ بفروشە، نایفروشم. سەت تمەنت دەدەمێ-نایدەم -دوو سەت تمەنت دەدەمێ-نایدەم ئاخرەکەی ئەوەندە تەماعی وەبەر پیریژنێ تا رازی کرد بە هەوسارەوە پێی ببفرۆشێ، بابە هاتەوە، گوتی کیژەکەی برۆ کێردی بینە تا سەری ئەم هێسترە ببرم کیژەکە چوو کێردی شاردەوە و گوتی: کێردم نەدیتەوە . بچوو بیور بینە کیژەکە بیوریشی شاردەوە و هاواری کرد ، هەرچی کردم بیورم نەدیتەوە باشە شیرەکە بینە کچ شیرەکەشی شاردەوە و گوتی: نایبینمەوە .. باب بەسەریدا نەڕاندی و گوتی : ئەی مەلعون تەواوی ئەم کەلەکانە لە ژێرسەری تۆدان پاشان هێسترەکەی لە داری بەست و خۆی چوو کە کێرد بێنی کیژەکە هەوساری لەسەر هیستر دارنی و هاویشتیە سەربانی هەوسار بوو بە کۆتریک و لە شەقە ی باڵانیدا و رۆیشت خۆشی هاتە سەر شکلی باز و بە دوایدا فڕی" (حیسامی:٢٧٩-٢٨٢:٢٠٠٠)، ئینجا ئەو کەسایەتتیە ئەفسانەیی و خەیاڵیە مەرج نییە هەر لە قاڵبی مرۆڤێکی ئاساییدا خۆی بنوێنێت هەندێك جار دەکرێت ئاژەڵ یان بوونەوەرێکی فەنتازی بێت کە روخسار و شێوە و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری جیاوازدەنوێنێت کە ئامانج و خەون و رووبەروو بوونەوەی لەگەل کێشە و ئاستەنگەکانی نێو ئەفسانەکەش زۆرترین گۆرانکاری و گەشەی تێدا روودەدات زیاتر چیرۆکەکە لە دەوری ئەودا دەخولێتەوە هۆکاری ململانێ سەرەکیەکانە، نوێنەرایەتی تایبەتمەندییەکی دیاریکراو دەکەن یان پاڵەوانەکە دێو و درنج و دەعبای سەیر و سەمەرەیە کە تەنها لە گێڕانەوەی ئەفسانەییەکاندا بەرکەوتەی دەبین "شەش پێی بەحری، ئەو دەعبایە بوو کە لە نێو دەریا دەژیا شیوەی وەکو ئەسپ وابوو، دوای ئەوەی چەند پاڵەوانێکی سوپای (قارەمان) ی برد، قارەمان راوی کرد و دوایی کریە ئەسپی خۆی" (حەمەد، مستەفا:٢٠٢٢:٢١١)، کەواتە کارەکتەرە ئەفسانەییەکان کۆمەڵێك تایبەتمەندییان هەیە کە ئە خەسڵەت و سیفاتانە لە پاڵەوانی ئاسایی جییایان دەکاتەوە، ئەوان زۆربەیان هێزی سەروو سروشتیان هەیە، دەتوانن کاری سەیر و سەمەرە ئەنجام بدەن، یان یارمەتی دەری پاڵەوانن یان دوژمن وبەربەستن، هەندێك جاریش هەڵگری کۆمەڵێك پەیامی ڕەوشتی و بەها و قییەمی گەورەن کە مرۆڤ فێری بەها مرۆڤایەتییەکان دەکەن.

**ئەنجام**

- خەیاڵ وەکو هێزێکی داهێنان لە بەکارهێنانی وێنە و هێما شاراوەکان و دروستکردنی جیهانێکی تایبەت و گۆرینی یاساکانی سروشت، رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە بنیاتنانی ئیستاتیکی خەیاڵی هەر دەقێکی ئەفسانەیی.

- ئیستاتیکای خەیاڵ وەکو ڕەهەندێکی ئەدەبی تابلۆیەکی هونەری بەرز لە نیشاندانی زمانی شیعری و بەرجەستەکردنی بیرۆکە ئەفسانەییەکان و گونجاندنی پەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆك نیشان دەدات.
- فەنتازیا و خەیاڵ لەئەفسانەکانی ئەدەبی کوردیدا بە بەراورد لەگەڵ ئەفسانە جیاوازەکانی نەتەوەکانی تر جیاواز و وەکو یەك نین، ئەگەرچی هەندێك تایبەتمەندی کۆیان دەکاتەوە و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەمان مەبەست و پەیام دەگەیەنن، بەڵام ئەو خەیاڵسازی و دەست ڕۆیشتووەی نووسەر لە بەکارهێنانی کەرستەکانی فەنتازیا و تێڕوانینی سەروو سروشتی بەهەندێك هۆکار جیاوازیان هەیە.
- هەریەك لە ڕەگەزە جیاوازەکانی گێڕانەوەی خەیاڵی لە ئەفسانەی کوردیدا بە شێوازێکی زۆر سەیر و سەمەرە بە کارهاتووە، بۆنموونە ڕووداوەکان ئەگەر ڕووداوی ئاسایی بێ ئەگەری ڕوودانی زۆرە، بەڵام ڕووداوە خەیاڵییەکان کە لە کانگای هەست و بیری نووسەرەوە لە دایك دەبێت و خودی نووسەریش کە هەر مرۆڤە، بەڵام لە ڕاستیدا سەرلەبەری ڕوودانیان مەحاڵ و نالۆژیکیە، ئینجا بۆ هەریك لە کارەکتەر و کات و شوێنی خەیاڵیش بە هەمان شێوە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی

### أ. کتێبەکان


- پیربال، فەرهاد (٢٠٠٤)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، دەزگا و چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
- حوسین، هیمداد (٢٠٠٧)، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکراوەی موکریانی، هەولێر.
- حەسەن‌مەولوود ئیبراهیم (٢٠٢٠)، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
- حیسامی، کەریمی (٢٠٠٠)، ئەفسانەکوردیەکان کۆکردنەوەی حەب ڕۆدینکۆ، ستۆکهۆڵم.
- ڕۆژهەڵات ، پێشەوا، شاماران بوونێکی ئەفسانەیی و هێمایەکی بەرزی کوردستان. ئازارkurdshop.net
- مستەفا، ئاسۆ عومەر، (٢٠٠٥)،بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران و پیرەمێرد ، چاپخانەی خانی ، دهۆك.
- مەولوود.ڕێزان سالح (٢٠٠٩)، ئەندێشەی شیعری لە نێوان ڕێبازی کلاسیك و ڕۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خواروودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب،هەولێر.
- میراودەلی، کەمال، (٢٠٠٥)، فەلسەفەی جوانی هونەر ئیستاتیکا ، سلێمانی.

- هزرڤان(٢٠٠٢)، نارینا گولْبارین، دەزگەها سپێریز یا چاپ و وەشانێ، دهۆك.

- یاقووب، عەلی عوسمان (٢٠٢١)، ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەکان، بەرگی دووەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.


## ب. نامەی ئەکادیمی

- ابراهیم، خالد قادر (٢٠٢٤)، ئیستاتیکای خەیاڵ لە ڕۆمانەکانی (غەزەلنوس و باخەکانی خەیاڵ، هورەکانی دانیال، داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیار عەلییدا، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی.

- حسین، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٥)، ئیستاتیکای دەقی شعری کوردی کوردستان ، نامەی ماستەر، زانکۆی صەلاحەدین.

- عومەر، عەونی ئەمین (٢٠١٥) بنیاتی کارەکتەر لە دوو ڕۆمانی فەرهاد پیربالدا بە نموونەی(ملازم تەحسین و شتی تریش) و هۆتێل ئەوروپا، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین، پەروەردە بەشی کوردی.

- غفور، ڕێزان محمد (٢٠٠٥) ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە شیعری کوردیدا لە (١٩١٨-١٩٤٥) نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە.


## ج. وتار و لێکۆڵینەوەکان

- حەمەد، مستەفا، دلاوەر عومەر، ئیدریس عەبدوڵلا (٢٠٢٢)ڕەهەندی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی) دا، ئەکادیمیای کوردی، ژ(٥٣).

- سەعید، ئازاد محەمەد، (٢٠٢٤)، شوێنکات لە کورتە ڕۆمانی ( بەهاری ڕەش ) ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دا- ئەنفالی سێیەم، گ. زانکۆی گەرمیان.

- عەلی، سروە طاهر (٢٠٢٠)، ڕەهەندی ئیستاتیکی لە دیوانی دەربەندی پەپوولەی شێرکۆ بێکەسدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.


## بەزمانی عەرەبی

- أفلاطون (١٩٨٦) جمهورية افلاطون، ترجمة: د. فؤاد زكريا، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر، القاهرة.

- ارسطوطاليس (١٩٥٣) فن الشعر، ترجمة: عبدالرحمن بدوي، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

- نياب، صفاء (٢٠١٥) تمثلات العجيب في السيرة الشعبية العربية، مكتبه مثير، سوريه.

## جماليات الخيال في الميثولوجيا الكردية، "أساطير السحر والشعوذة" على سبيل المثال


**الملخص**

البحث أعلاه، بعنوان "جماليات الخيال في الميثولوجيا الكردية، "أساطير السحر والشعوذة" على سبيل المثال، هو دراسة حول جماليات الخيال في الميثولوجيا الكردية.

الخيال يعتبر الخيال جزءاً مهماً من بنية الأساطير الكردية، وتعتمد طبيعة الأسطورة ونوعها على هذا البعد، وقد لعبت الأساطير عبر التاريخ دوراً في تجسيد ووصف أنواع الخيال وتجربة الخيال الإنساني. ويكشف تحليل بنية الرسالة ومحتوى الأساطير أن الإنسان أنتج فهماً لظواهر الطبيعة والحياة من خلال الخيال، وقد أدت آلية الخيال إلى التحليل والفهم والابتكار، وهو ما له عمقه الجمالي الخاص. يعرض هذا البحث عمق جمال الخيال وجماليات الخيال في بنية الأساطير الكردية، وخاصة تلك الأساطير التي تدور حول السحر من حيث المضمون.

ونتيجة لذلك يمكننا أن نرى الاختلافات والخصائص في جماليات الخيال الموجودة في أسطورة السحر في الأساطير الكرديه.



**الكلمات الدالة:** الأساطير، والجماليات، والخيال، والصور الفنية، وأساطير السحر والشعوذة.


## Aesthetics of Imagination in Kurdish Mythology, "Legends of Magic and Witchcraft" for Example


**Abstact**

The above paper, entitled "Aesthetics of Imagination in Kurdish Mythology, "Legends of Magic and Witchcraft" for Example), is a study on the aesthetics of imagination in Kurdish mythology.

Imagination and aesthetics Imagination is an important part of the structure of Kurdish mythology. The nature and type of myth depends on this dimension. Throughout history, myths have played a role in embodying and describing the types of imagination and human imagination experience. Analyzing the message structure and content of myths reveals the fact that humans have produced an understanding of the phenomena of nature and life through imagination. The mechanism of imagination has led to analysis, understanding and innovation, which has its own aesthetic depth. This paper presents the depth of the beauty of imagination and the aesthetics of imagination in the structure of Kurdish mythology, especially those myths that revolve around magic in terms of content.

As a result, we can see the differences and characteristics of the aesthetics of the imagination, which exists in the legend of magic in Kurdish legends.



**Keywords:** *Mythology, aesthetics, fantasy, artistic imagery, mythology of magic and sorcery.*